ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## Flash FXP، بەڕێوەبردنی پەڕگە گواستنەوە

نووسەر: :@

### Flash FXP بۆ بەڕێوەبردنی پەڕگە گواستنەوەی ماڵپەڕ.

پەڕگە ناردنەسەرەوە بۆ سەر ئینتەرنێت یان ماڵپەڕ بەتایبەت بە شێوازی FTP زۆر باوە و زۆر لە شێوازەکانی دیکەش خێراترە.
ئەو کەسانەی کە ماڵپەڕیان هەیە و پاڵپشتی FTP بکات دەزانن کە جیاوازی نێوان پەڕگە ناردنەسەرەوە بە FTP و نارد نە سەرەوە بە شێوەی ساکار چیە!
هەربۆیە بۆ ئەو مەبەستەش پرۆگرامی زۆر هەیە، لەوانە خۆڕایی و بەپارەش.
لەم بابەتەدا پرۆگرامی Flash FXP شی دەکەمەوە، کەیەکێکە لە پرۆگرامە زۆر چاک و خێراکانی بواری پەڕگە ناردن و داگرتن بۆ/ لە ماڵپەڕەوە بەشێوازی FTP.
دەتوانی لێرە پرۆگرامەکە دابگریت. قەبارە 2 میگابایت.
پاش داگرتن دایبمەزرێنە، کاتێک پرۆگرامەکە بکەیتەوە خواستیاری کۆدی تۆمارکردن دەبێت، ئەو کۆدەش لەپەڕگەی داگیراوی تایبەت بە پرۆگرامەکەدا هەیە.
پاش نووسینی کۆدەکە و تۆمارکردنی پرۆگرامەکە جارێکی دیکە دەکرێتەوە.
هەموو کەسێک بۆ ئەوەی کە بتوانێ لە پرۆگرامێکی FTP ـەوە پەڕگە بنێرێتە سەر ماڵپەڕەکەی پێویستی بەوە هەیە کە بزانێ ئادرێس یان ژمارەی ئایپی خانەخوێ یان ماڵپەڕەکەی چیە، هەروەها نازناو و وشەی تێپەڕبوونی تایبەت بە ماڵپەڕ.
بۆ ئەوەی بتوانرێت لە FXP Flash ـەوە پەڕگە بنێردرێتە سەرەوە بۆ ماڵپەڕ دەبێ ئەو زانیاریانە بنووسرێت وەک لە هەموو پرۆگرامەکانی دیکەدا باوە.
پاش کردنەوەی پرۆگرامەکە بڕۆ بۆ لیستەی Sites و کرتە بکە سەر Site Manager.




بۆ ئەوەی کە زانیاریەکانی ماڵپەڕەکەت بنووسی، کرتە بکە سەر New Site.
لەنێو ئەو پەنجەرە بچووکەی دەکرێتەوە ناوێک بنووسە، بۆ نموونە ماڵپەڕەکەم. پاشان OK کرتە بکە.
پەنجەرەیەکی دیکە وەک ئەمەی خوارەوە دەکرێتەوە.




5> ئەو ناوەی کە بۆ ماڵپەڕەکە نووسیت لەوێدا دەردەکەوێت.
6> ئادرێس یان ژمارەی ئایپی تایبەت بە ماڵپەڕ.
7> نازناو.
8> وشەی تێپەڕبوون.
9> ئەو بوخچەیەی کە تایبەتە بە ئەو نازناوەوە کە نووسراوە، واتە گەر ئەو نازناوە ئەندامێکە لە چەندین ئەندامی ماڵپەڕێک و لەسەر ئەو ماڵپەڕە شوێنی تایبەت بە خۆی هەیە، لەوانەیە پێویست بکات بەوەی کە شوێن یان بوخچەی تایبەت بەو ئەندامە لەنێو ئەو خانەیەدا بنووسرێت. بەڵام زۆربەی کات پێویست ناکات.
لە کۆتاییدا کرتە بکە سەر Apply و پاشان Connect.
دەبێ بەو شێوەیە چووبیتە نێو بوخچەکانی ماڵپەڕەکەت.




10> بوخچەکانی نێو کۆمپیوتەری خۆت.
12> بوخچەکانی نێو ماڵپەڕەکەت.




بۆ ئەوەی پەڕگە لەنێو کۆمپیوتەری خۆتەوە بنێریتە سەر ماڵپەڕەکەت، بەلای ڕاستی مشکی کۆمپیوتەرەکەت کرتەیەک بکە سەر

پەڕگە یان بوخچەکە و پاشان Transfer کرتە بکە. بۆ داگرتن لە ماڵپەڕەوە بۆ نێو کۆمپیوتەر بەهەمان شێوە دەبێت.
کرتە کردنە سەر بوخچەیەک لە سەر ماڵپەڕەکەت جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی نێو کۆمپیوتەرەکەت.
بۆ نموونە لە لیستەی سەر ماڵپەڕدا خاڵی CHMOD هەیە، کەتایبەتە بە ڕێگە و چۆنیەتی کارکردنی پەڕگەکانی PHP، کە تەنیا لەسەر ماڵپەڕەکەت هەیە.

شیکردنەوەی دووگمە زۆر بەکاربراوەکانی پرۆگرامەکە.




12> ڕاگرتنی پەڕگە چاوەڕوانکراوەکان بۆ ناردنەسەرەوە پاش تەواوبوونی ناردنەسەرەوەی چالاک.
13> گواستنەوەی پەڕگە چاوەڕوانکراوەکان.
14> گواستنەوەی پەڕگەی دەستنیشان کراو.
15> نوێکردنەوە.
16> گۆڕینەوە لەنێوان پیشاندەری کۆمپیوتەری خۆت و پیشاندەری ماڵپەڕ.
17> خێرا هەڵبژاردنی ماڵپەڕەکان کە تۆمارکراون لە لیستەی ماڵپەڕەکانی پرۆگرامەکەدا، هەروەها چوونەژوورەوەی خێرا بۆ نێو ماڵپەڕەکانی FTP ـەوە.
18> داخستنی پەیوەندی لەگەڵ ماڵپەڕی پەیوەندی پێکراوەوە.
19> وازلێهێنان لە گواستنەوەی ئەو پەڕگانەی کە لە گواستنەوەدان.
هیوادارم شیکردنەوەیەکی بەسوود بووبێت بەتایبەت بۆ خاوەن ماڵپەڕەکان.

Oct 2005 13

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل تبلیغات در این سایت